### بە بۆنەی بیست و سێیەمینساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# ڕامان چۆن دەبینم؟

**عەبدولغەنی کاکۆ**
**(ئەڵمانیا)**

هەر لەسەرەتای دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە من ئەم گۆڤارە دەخوێنمەوە، بەبیرم دێت لە کۆتایی نۆهەتەکانی سەدەی ڕابوردوو، شەوانی زستان لە کاتی سەرما و بێ کارەباییدا لەگەڵ برادەران ناڵە حەسەن و سەرکەوت وەلی لە نۆڕینگە بچکۆلەکەی بەختیار محەمەدی نووسەر و شاعیر بە دیار چرایەکی نەوتییەوە دادەنیشتین و لەپاڵ باسوخواسی دنیای سیاسەت و ڕۆشنبیریدا، لە ژمارەی تازەی گۆڤارەکە دەدواین، ئیتر لەو کاتەوە تا ئێستا خوێندنەوەی ڕامان وەکو گۆڤارێکی سەنگین هەمیشە جۆرە هەستێکی تایبەتی بە من بەخشیوە، هەمیشە وام هاتۆتە بەرچاو وەک ئەوەی پردی بە یەکەوە گەیاندنی دوێنێ و ئەمڕۆی ڕۆشنبیریمان بێت، وەک ئەوەی لەسەر بناغەیەکی پتەوی لایەنە ڕۆشنەکانی دوێنێی کولتوور و ڕۆشنبیریمانەوە خزمەت بە پەیڤی ئەمڕۆی کوردی بکات و بەرەو ئاسۆیەکی ڕووناکتر هەنگاو بنێت.

ساڵان هاتن و تێپەڕین ڕامان هەر لەسەر هێڵی کارکردنی خۆی مایەوە، بارودۆخەکان چەندە دەگۆڕان، ڕامان هەوڵی نەدەدا دەستبەرداری ئەو هێڵی کارکردنەی خۆی بێت، دنیای جەنجاڵی وڵاتی من چەندە سەراوودەراوی بەدوای خۆیدا دەهێنا، چەند گۆڤار و بڵاوکراوەی زۆر باش دەرچوون و لە کارکەوتن، چەندە بەناو گۆڤاریش پەیدابوون و لە شوێنی خۆیاندا پووکانەوە، من لەپاڵ هەموو ئەو گۆڤار و بڵاوکراوانەشدا هەر (ڕامان)م دەخوێندەوە. لەو تەمەنە دووروودرێژەی کەوا بەرەو چارەکە سەدەیەک مل دەباتە پێشەوە سەرنجی ئەوەم داوە ڕامان لەپاڵ ئەوەی کە بۆی هەیە گوێبیستی ئەو ڕەخنە و سەرنجانەش ببێت کە خزمەت بە بەرەوپێشەوەبردنی زیاتری گۆڤارەکە دەکەن، لەپاڵ ئەوەش ناکرێ ئەو خاڵە ڕووناکانە لەبەر چاونەگرین کە ڕامان هەمیشە بە ئامانجی دەوڵەمەندکردنی گۆڤارەکە کاری لەسەر کردوون، لەو خاڵانەی کە من سەرنجم لێ داون و بوونەتە خەسڵەتی جیاکەرەوی ئەو گۆڤارە و لەهەمان کاتدا من وای دەبینم گۆڤارەکەی کردووە بە خاوەنی کارەکتەری خۆی ئەمانەن:

**یەکەم:** لەسەردەمی ئەو پاشاگەردانییەی یەخەی ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کوردیی گرتووە و بابەتی بڵاوکراوە بەژێر هیچ سانسۆر و فلتەرێکی بابەتی و تەکنیکی و زمانەوانییدا تێناپەڕێت وەک ئەوەی ئامانجی سەرەکی تەنیا پڕکردنەوەی لاپەڕە و قەبەکردنی قەوارەی بڵاوکراوەکان بێت، بەبێ ئەوەی بیر لە کاریگەرییەکانی ئەو بێ سانسۆرییە بکرێتەوە، بەبێ ئەوەی حیسابی ئەوە بکرێت کە ڕەنگە بابەتێک لەڕووی پەروەردەی مۆڕاڵی مرۆڤایەتی و ژیانی کۆمەڵایەتیدا کاریگەری پەروەردەیی نەرێنیی لەسەر خەڵک جێ بهێڵێ، بەبێ ئەوەی حیسابی ئەوە بکرێت کە گوێنەدان بە ڕاستکردنەوەی هەڵەی زمانەوانی و قەبەکردنی وتارێک بە دەیان وشەی بێگانە کە پانتایی زمانی دایک بەرتەسک دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵە ڕێنووسییانەی کە خوێنەر بێزار دەکەن و ڕەنگە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە بە بێ ویستی خۆیان لە ئاساییبوونی هەڵەکردندا ڕایان بهێنێ، ئا لەو ساتەوەختەدا پابەندبوونی گۆڤاری ڕامان بەوەی کە هەموو وتار و بابەتەکانی لەڕووی مژار و ناوەرۆکەوە بخاتە ژێر

تەتەڵەکردنەوە و پێ بەپێی ئەو ماوە درێژەی تەمەنی خۆی لەلایەکی ترەوە پابەندبوونی بە خۆپاراستن لە بڵاوکردنەوەی ئەو نووسینانەی کە لەژێر ناوی ڕەخنەوە بیانەوێ پانتایی بڵاوکراوەیەکی کوردیی بکەنە مەیدانی ڕق و کینە بە یەکتری هەڵڕشتن، بوونەتە سیمایەکی جیاکەرەوەی ئەم گۆڤارە.

من پێم وایە هەر گۆڤار و بڵاوکراوەیەک هەڵوەستە لەسەر ئەو بابەتانە نەکات کە بڵاویان دەکاتەوە و زۆر جاران توانایی گوتنی (نا)ی نەبێت لە بەرانبەر ئەو نووسینانەی کە تەنیا بە ئامانجی بانگەشە و خۆچەسپاندنی زۆرەملێوە دەخرێنە سەر کاغەزەوە، بەبێ ئەوەی پەیام و ئامانج و ئاراستەیەکی ڕوونیان هەبێت، بەبێ ئەوەی پووشکەیەک بخەنە سەر خەرمانی کولتوور و ڕۆشنبیریمان، ئەوە خۆی لەخۆیدا هاوبەشی کردنە لە فراوانکردنی پانتایی ئەو پاشاگەردانی و گێرەشێوێنییەی وەک دیاردەیەک لە ناوەندی ڕۆشنبیریماندا هەستی پێدەکرێت، خۆپابەندکردنی ڕامان بەو بنەمایانەی کارکردن و ڕۆیشتنی لەسەر هێڵێکی دیاریکراو وای کردووە هەموو ئەو بابەتانەی بڵاویان دەکاتەوە خاوەنی ئاستێکی دیاریکراوی ئەوتۆ بن کە بە لای کەمەوە قورسایی ئەوەیان تێدابێت شایانی بڵاوکردنەوە بن و لەسەردەمی ئێستادا بخرێنە بەردەستی خوێنەری کوردەوە، ڕەچاوکردنی ئەو لایەنە دەبێ لە خانەی هەستکردن بەرانبەر بە ئەرکی بەرپرسیارێتی حیسابی بۆ بکرێت، کە بەداخەوە ئەو هەستکردنە لە نێو ئەو پاشاگەردانی و پەرشوبڵاوییەی ناوەندی ڕۆشنبیری کوردیی ئەمڕۆماندا لە ئاستی پێویستدا نییە.

**دووەم:** وەک خوێنەرێکی ئەم گۆڤارە سەرنجم داوە ڕامان لەڕووی بابەت و مژارەکانییەوە هەوڵی ڕاگرتنی چەند هاوسەنگییەکی داوە لەنێوان ڕەگەزەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی و ئەدەبی هاوچەرخ، لەنێوان ئەدەبی دوێنێ و ئەدەبی ئەمڕۆ، لەنێوان ڕۆژگاری ڕۆشنبیریی دوێنێ و ئەمڕۆماندا، لە کاتێکدا هەندێ تێڕوانین لەناوەندی ڕۆشنبیریماندا بەو ئاراستەیە هەنگاو دەنێن کە ئیتر قۆناغی ئەدەبی کلاسیکی کوردی و ئەوەی دوێنێ دەنووسرا وەک بەرهەمی سەردەمێکی مێژوویی کات و سەردەمی بەسەر چووەو دەبێ ئیتر ڕۆشنبیری کورد ئەو قۆناغانە بەجێ بهێڵێ، بەو پێیەی کە قۆناغی ڕابوردووی ئەدەبیمان هەقی خۆی وەرگرتووە و دەبێ ئەمڕۆ هەق بدەینە ئەو ئەدەبەی کە بەرهەمی ئەمڕۆیە، بەڵام ئەو تێڕوانینە ئەوەی لەیاد کردووە کە ئەدەبی کلاسیکی کوردیمان و دنیای ڕۆشنبیری دوێنێمان هێشتاکە پانتاییەکی هێندە فراوانی تێدایە بۆ ئیش تێداکردن و هەڵوەستە لەسەرکردنی، بە چەشنێک من وای دەبینم هێشتا ئێمە بە قەدەر قورسایی ئەو ئەدەبە نەمانتوانیوە کاری پێویستی لەسەر بکەین، وا پێدەچێت ڕامان لە سۆنگەی هەستکردن بە پێداویستی بەردەوام ئاوڕلێدانەوەو پێداچوونەوە، هەرگیز ئەو لایەنەی فەرامۆش نەکردووە، بە دەگمەن ژمارەیەکی ڕامان دەبینیت ئاوڕدانەوەیەکی سەبارەت بە دوێنێی دنیای ڕۆشنبیریمان تێدا نەبێت.

یەکێکی دیکە لە و هاوسەنگییانەی گۆڤاری ڕامان بریتییە لە ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان بەرهەمی قەڵەمە تازەکان و بەرهەمی ئەو نووسەر و شاعیرانەی دەمێکە لەنێو دنیای ڕۆشنبیریماندا سەرقاڵی نووسینن، ئەوەش بوارێکی چاکی بۆ پێگەیاندنی قەڵەم بەدەستانی تازە ڕەخساندووە، هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکان بەر لە بڵاوکردنەوەیان یارمەتیدەرێکی گەورە و ڕێنماییەکی چاک بووە بۆ پاراستنی ئەو گەنجانە لەوەی بەرهەمێکی خراپی خۆیان لێ نەبووبێتە کارێکی چاک، بەڵکو بڵاونەکردنەوەی بووبێتە مایەی بەخۆداچوونەوە، چونکە بڵاوکردنەوەی ئەو بەرهەمانە بەبێ گوێدانە ئاستی ئەدەبی و ئاستی نووسین لە مینبەرەکانی بڵاوکردنەوەدا ڕووی ڕاستەقینەی داهێنان ڕووبەڕووی گرفتێکی مێژوویی دەکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە وا دەکات ئەو گەنجانە لە شوێنی خۆیان بچەقن و قەوارەی خۆیان لە شێوەی ڕاستەقینەی خۆیاندا نەیەتە پێش چاو تا هەوڵی خۆ پێگەیاندن و خۆ بەرەوپێشەوە ببەن، من ئەو هەڵسەنگاندنە ڕەخنەییانەی گۆڤاری ڕامان نەک هەر بۆ بەرهەمی لاوان، بەڵکو بۆ هەر بەرهەمێک کە بڵاوی دەکاتەوە بە یەکێکی دیکە لە خاڵەکانی سەرکەوتنی ئەم گۆڤارە دەزانم.

**سێیەم:** گۆڤاری ڕامان بە درێژایی ئەو تەمەنەی خۆی کەوا بەرەو چارەکە سەدەیەک هەنگاو دەنێت، هەمیشە هەوڵی داوە پابەندی هەندێ بنەمای ڕۆژنامەوانی بێت کە ئەو بنەمایانە سەنگ و قورساییەکی تایبەتی بە گۆڤارەکە بەخشیوە، یەکێک لەو شتانە کە بەشێوەیەکی بەرچاو هەستی پێدەکرێ کەمی و دەگمەنی هەڵەی نووسینە لە

بابەتەکانیدا، ڕاستکردنەوەی هەڵەی نووسین و خۆماندووکردن بە پرۆسەی هەڵەچنییەوە، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو گۆڤارە ڕێزی خوێنەری خۆی دەگرێت، ئەو نایەوێت هەرچی بابەتێکی بۆ دێت تەنیا لە ڕووی ڕێزمان و مۆرازەوە بیخاتە ژێر وردبینی و هەڵسەنگاندنەوە و ئیتر بێت وەکو خۆی بە هەموو هەڵە ڕێنووسییەکانییەوە کۆپی پێست بکات و بڵاوی بکاتەوە، هەڵەی نووسین کارەساتێکی گەورەیە کە بەرۆکی چاپەمەنییە کوردییەکانی ئەو سەردەمەی گرتووە، هەرچەندە ئێستاکە چەندان دەزگای چاپەمەنی پەیدابوون کە بە وردی بە تێکستەکاندا دەچنەوە، بەڵام ڕامان هەر لە سەرەتاوە پابەندی ئەو بنەمایە بووە کە هەڵەچنی ورد بۆ بابەتە بڵاوکراوەکانی بکات، یەکێکی تر لەو بنەما گرنگانەی ڕامان هەر لە سەرەتای دەرچوونییەوە پێیەوە پابەند بووە، بریتی بووە لە هەوڵی بەردەوامی بەرخۆدان و دوورنەکەوتنەوەی لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیری و پشوونەدان، لەپاڵ ئەوەش پابەندبوونی بە کات و ڕۆژی دیاریکراوی مانگانەی خۆیەوە خاڵێکی زۆر سەرنجڕاکێشە، بەتایبەت ئەگەر بێتو ئەم پابەندییەی لە چوارچێوەی ئەو ڕەوشە تەماشابکەین کە بە دەگمەن شتەکان لە کات و وادەی خۆیاندا دەگوزەرێن و پابەندنەبوون بە کات و ساتی دیاریکراو وەک هەر دیاردەیەکی دیکەی نێو ئەو پاشاگەردانییە خۆبەرجەستە دەکات کە ئاماژەمان پێ کردن.

**چوارەم:** گۆڤاری ڕامان بەهۆی بازدانی بەسەر لێکترازانە جوگرافییەکان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نووسەرانی کورد لە هەموو دەڤەر و پارچەکانی دیکەی کوردستان بوارێکی چاکی ڕەخساندووە بۆ ئاشنابوون بەناوی ئەو خامە بەدەستانەی لەو شوێنانەدا بەئاسانی بواری ئەوەیان بۆ نارەخسێ لەنێو ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا بناسرێن، ئەمەش دیارە بە مەبەستی دەوڵەمەندکردنی خودی گۆڤارەکە نییە بەناوی نووسەرەکانی ئەو دەڤەرە جیاوازانەوە، چونکە هەست دەکەیت بەرهەمی ئەو نووسەر و خامە بەدەستانە ئاستێکی ئەدەبی باشیان هەیە و شیاوی بڵاوکردنەوەن، شایانی ئاماژە پێکردنە بوونی ناو و بەرهەمی قەڵەم بەدەستانی هەموو دەڤەر و پارچەکانی کوردستان لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردیدا شتێکی تازە نییە، ئەوجا ئەگەر لە ڕابوردوودا ئەوە جەختکردنەوەیەک بووبێ لەسەر یەکێتیی هەستی نەتەوایەتی، ئەوە لە سەردەمی ئێستادا جەختکردنەوەیە لەسەر فراوانبوون، یان (فراوانکردن)ی پانتایی دنیای ڕۆشنبیریمان، ئەوەیان چەندە بایەخی هەیە بۆ ئاشناکردنی هزر و قەڵەمی جیاواز بە یەکتری، بەقەد ئەوەش هاوبەشی کردنە لە پێگەیاندن و گەشەپێدانی هزر و بەهرەی نووسینی ئەوانەی بە ئاسانی هەلی بڵاوکردنەوەیان بۆ نارەخسێ، لەم لایەنەوە ڕامان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لەوەی باوەش بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمی ئەو نووسەرانەش بکاتەوە.

**پێنجەم:** لە مێژووی ڕۆژنامەوانی کوردیدا هەندێک گۆڤار و ڕۆژنامەمان هەن بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەبێ دابڕان بەردەوامییان بەخۆیان داوە، ئەمڕۆ بوونەتە ئەرشیف و تۆمارێکی بەهاداری واقیعی ڕۆشنبیریی کوردی لەو سەردەمانەدا، بۆیە کاتێک مێژوو دەیەوێت وردەکارییەکانی ئەو سەردەمانە بنووسێتەوە و لە ڕووی هزری و کولتووری ئەو سەردەمانە ورد ببێتەوە، ناکرێ نەگەڕێتەوە سەر ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە، بۆ نموونە کە باسی واقیعی ڕۆشنبیریی ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابوردوو بکەین ناکرێ نەگەڕێینەوە سەر گۆڤاری گەلاوێژ، بە هەمان شێوەیش ناکرێ لە نووسینەوەی مێژووی قۆناغەکای دیکەدا نەگەڕێینەوە سەر ڕۆژنامەی ژین و زاری کرمانجی و گۆڤاری هەتاو و...تاد، ڕامان لەسەر ئەم ڕێچکەیەو پابەندبوونی بەو بنەمایانەی لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردن، بەو تەمەنە بەردەوامەی خۆیەوە بووەتە ئەرشیف و کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند، بووەتە تۆمارێکی ڕاستەقینەی واقیعی ڕۆشنبیریمان لەماوەی دەستبەکاربوونییەوە تا ئێستا، بۆیە ئەگەر ڕۆژێک ئەو تەمەنە لە تاووتوکردنی مێژووی ڕۆشنبیری هاوچەرخی کوردی بخرێتە ژێر توێژینەوەوە، ناکرێ وەک سەرچاوەیەکی گەواهیدەری ئەو ڕابوردووە نەگەڕێینەوە سەری، کاتێکیش گۆڤارێک دەبێتە شوێنی متمانە و باوەڕ بۆ نووسینەوەی قۆناغێک لە مێژووی کولتوور و ڕۆشنبیری نەتەوەیەک، ئەوە خۆی لە خۆیدا بەرجەستەبوونیەتی وەک پڕۆژەیەکی کولتووری و ڕۆشنبیری لەو قۆناغە مێژووییەدا، بۆیە ئومێدم وایە ڕامان بەهەمان هەناسەی کارکردنی بەردەوام بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێت تا زیاتر و زیاتر ببێتە مینبەری هەموو ئەو دەنگانەی خزمەتکردنی وشەی کوردی بە ئامانجێکی سەرەکی خۆیان دەزانن.